**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان . عێراق**

پشت بەستن بە حوکمی برگە (1) لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوو لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران، پەرلەمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (8)ی ئاسایی ڕۆژی 26/ 2009/10 بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (13)ی ساڵی 2009**

**یاسای هەموارکردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان . عیراق**

**ژمارە(1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992**

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی پێنجەم کە بە پێی هەموارکردنی پێنجەمی یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە(5)ی ساڵی 2009 زیادکراوە، برگەیەکی، بەزنجیرەی ( پێنجەم)، وەك ئەمەی خوارەوە بۆ زیاد دەکرێت:

**پێنجەم:** لەحالەتی سوێند نەخواردنی پاڵێوراوی هەڵبژێردراو بۆ پەرلەمان لەماوەی دیاریکراودا بەبێ هیچ هۆیەکی رەوا، ئەوا دوای (90) رۆژ لە مێژووی ناوبراو مافی ئەندامیەتی نامێنێ و، پاڵێوراوێکی دیکە بەپێی یاسا شوێنی دەگرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەوانە دەگرێتەوە کە لەخولی سێیەمی هەڵبژاردنەوە بۆ ئەندامێتی پەرلەمان پاڵێوراون.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لەسەر لایەنەپەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە بەرواری دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و، لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقائعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**محمد قادر عبدالله**

**(**د. کەمال کەرکووکی)

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان . عێراق**